مزگەوتی ئازادی

له ئۆسلۆ - نەرویج




# ڕۆژوو له ئیسلامدا

ئاماده کردنی

شێخ عبدالرحمن بەرزەنجی

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين و الصلاة و السلام على خاتم الأنبياء وإمام المرسلين سيدنا محمد

و على آله وأصحابه و التابعين لهم بإحسان الى يوم الدين . وبعد :

له دوای سوپاس و ستایشی بێ پایان بۆ پەروەردگارو ، داوا کردنی درووودو سەلامی هردەوامی خوا لە سەر پێغەمبەرو ئال و یارانی فیداکاری تا ڕۆژی دوایی :

ئەوە کورتە باسێکە دەربارەی ڕۆژوو لە ئیسلام ، بە بۆنەی نزیک بوونەوەی مانگی ڕۆژوو ، ڕەمەزانی ساڵی 1415 ک، بە شێوەی پرسیار و وەڵام ، بە براو خوشکە موسوڵمانە کوردە بەڕێزەکانم پێش کەش دەکەم و ، لە هەمان کات لە خوای گەورە داواکارم کە هەمووڵا کەلکی لێ وەرگرین و ، بیخاتە ناو تەرازووی چاکەمان لەو ڕۆژەی تیایا بە خـــزمەتی ئەگەین و یارمەتی و سەرکەوتنیش هەر لەو داوا دەکەین .

## پ 1 : مەبەست لەووشەی (صوم) واتە : ڕۆژوو چیە ؟

وەڵام : (صوم) ووشەیەکی عەرەبیە بۆ واز لە شت هێنان بەکاردێ .

لە شەریعەتی ئیسلامیش بریتیە لە : وازهێنان لە خواردن و، خواردنەوەو، چوونە لای ئافرەت ، لە بەرەبەیانەوە ، تا ڕۆژ ئاوا بوون ، بەنیازی ڕۆژوو گرتن .

## پ 2 : پلەو پایەی ڕۆژوو لە ئیسلامدا چی یە ؟

وەڵام : ڕۆژوو شوین و پایەکی بەرزی لە ئیسلامدا هەیە ، بۆیە بەیەکێک لە پێنج ڕوکنەی ئیسلام داندراوە ، هەروەکو نوێژ – بەچەند مەرجێکی دیاری – لەسەر موسوڵمانان لە ساڵی دووەمی کۆچی فەرز کرا.

## پ 3 : بەڵگە لەسەر فەرز بوونی ڕۆژوو لەسەر موسوڵمانان چیە ؟

وەڵام : ڕۆژوو لە سەرموسوڵمانان فەرزە بەگوێرەی :

ا – فەرموودەی خوا لە قورئان : :(یا أیها الذین آمنوا کتب علیکم الصیام کما کتب علی الذین من قبلکم لعلکم تتقون ) البقرة / 184.

واتە : ئەی ئیماندارەکان ڕۆژوو لەسەرتان فەرز کراوە ، هەروەک لەسەر موسوڵمانانی پێش ئێوە فەرز کرابوو ، تاوەکو ببێتە پەرژین لە نێوان ئێوەو گوناهو خراپەکاری .

ب – فەرموودەی پێغەمبەرە صلی الله علیه وسلم :{بني الاسلام على خمس : شهادة ان لا اله الا الله ، وأن محمداً رسول الله ، وإقام الصلاة ، وإيتاء الزكاة ، وحج البيت ، وصوم رمضان} متفق علية .

واتە : دینی ئیسلام لە سەر پێنج کۆڵەگە دامەزراوە : شەهادە وئیمانە بەوە : کەلەزاتی خوا بەولاوە خوایەکی ترنیە شایەنی پەرستن بێ و ، (محمد)یش پێغەمبەری خوایەو ، هەستان بە نوێژ کردن بەتەواوی و ، زەکات لە ماڵ دەرکردن و حەج کردن و ، بە ڕۆژوو بوونی مانگی ڕمەزان .

ج – ئیجماع : کە هەموو زانایانی ئیسلام لەسەر ئەوە نە کە ڕۆژوو فەرزە ، ئەوەش زۆر ئاشکرایە لە ئیسلام ؛ بۆیە هەرکەسێ لای وابێ ڕۆژوو لە ئیسلامدا فەرز نیە ، کافر دەبێ و بەشی بە ئیسلامەوە نامینێ ، مەگەرتازە موسوڵمان بووبێ و، یا دوور لە زانایانی دین ژیابێ.

## پ 4 : کەی ڕەمەزان دی و ڕۆژوو واجب دەبێ ؟

وەڵام : داهاتنی مانگی ڕەمەزان بەیەک لەم دوو شتانە ئەبێ :

ا – لە دوای ئەوەی (29) ڕۆژ لەمانگی شەعبان تەواو بوو ، دوای ڕۆژ ئاوا ، پیاوێکی موسوڵمانی (عادل) (1) مانگی یەکەم ڕۆژی ڕەمەزانی ببینێ و شاهیدی بدا کە دیویەتی .

عبداللە کوڕی عباس"خوا لێیان ڕازیبێت " دەفەرمووێ : یەک لە کۆچەرەکان (اعرابی) هاتە خزمەت پێغەمبەر صلی اللە علیە وسلم و گوتی : { إني رأيت هلال رمضان، فقال :أتشهد أن لا اله الا الله ؟ قال : نعم ، قال :أتشهد أن محمدا رسول الله ؟ قال : نعم ، قال : يا بلال أذن في الناس فليصوموا غدا} صححه ابن حبان والحاكم.

---

[1] عادل : ئەوکەسەیە کوناهی کەورەی نە کردبی ، ولەسەر کجکەش بەردەوام نەبی .

واتە : بێ گومان مانگی یەک شەوەی ڕەمەزانم دیوە . پێغەمبەر صلی اللە علیە وسلم فەرمووی : شەهادەو ئیمان دێنی بەوە : کەلەزاتی خوا بەولاوە خوایەکی تر نیە؟ گوتی : بەڵێ. فەرمووی : شەهادەو ئیمان دێنی بەوە : کە محمد پێغەمبەری خوایە ؟ گوتی : بەڵێ ، فەرمووی : بلال هەستە بەخەڵک ڕاگەیەنە کە بەیانی بە ڕۆژوو بن .

ب – بە تەواو کردنی مانگی شەعبان :

ئەگەر لە شەوی سیەمی شەعبان مانگی ڕەمەزان نەبینرا ، بەهۆی ئەوە هەور بوو یا کەس شاهیدی نەدا کە مانگی دیوە ، ئەو ڕۆژەی دادێ بە سیەمی مانگی شەعبان دائەنرێ ، پاش تەواو کردنی(30) شەعبان ، یەکەم ڕۆژی مانگی ڕەمەزان دەست پێ دەکا. پێغەمبەر صلی اللە علیە وسلم دەفەرمووێ : {صوموا لرؤيته وأفطروا لرؤيته ، فإن غم عليكم فأكملوا عدة شعبان ثلاثين يوما } متفق عليه .

واتە : مانگ دیترا بەڕۆژوو بن ، مانگ دیترا بیکەنە جەژن ، ئەگەر بەری ئاسمان هەور بوو ئەوکاتە سی ڕۆژەی شەعبان تەواو بکەن. بوخاری وموسلم گێراویانەتەوە.

## پ 5 : مەرجەکانی ڕۆژوو کەوتنە سەر چیە ؟

وەڵام : تاوەکو ڕۆژوو لەسەر کەسێک واجب بێ، دەبێ ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدابێ.

1 – ئیسلام . کەواتە ڕۆژوو لە سەر کافر نیە .

2 – تەکلیف . واتە : بالق بووبێ خۆی ناسیبێ و هۆش و فامی تەواو بێت (عاقل) بێ ، چونکە مرۆڤ ئەرکی شەرعی ناکەوێتە سەر ئەگەر منداڵ بێ ، یا هۆش و فامی تەواو نەبێ

خۆشەویست صلی الله علیه وسلم دەفەرمووێ : {رفع القلم عن ثلاثة : عن النائم حتى يستيقظ وعن الصبي حتى يحتلم وعن المجنون حتى يعقل} رواه أبو داود.

واتە : سێ کەس بەر پرسیار نین : خەوتوو تا لە خەو بێدار دەبێتەوە ، منداڵ تا بالَق دەبێ و خۆی دەناسی. شێت تا هۆشی دێتەوەبەر . ئەبو داوود گێڕاویەتەوە .

3 ـ توانای رۆژوو کرتن :

بۆیە لەسەر نەخۆشێک واجب نیەکە نەتوانێ بە ڕۆژوو بێ و ، نەخۆشیەکەش لە جۆرێک بێ کە چاوەڕێی چاک بوونی نەکرێ ، هەروەها واجب نابێ لەسەر ئافرەتێک کە عوزرێکی شەرعی هەبێ وەک ئەوە لەوەزعی مانگانەی ، یا دوای منداڵ بوونا بێ .

## پ 6 : مەرجەکانی دروست بوونی ڕۆژوو چین ؟

وەڵام : مەرجەکانی دروست بوونی ڕۆژوو ئەمانەی خوارەوەن :

أ– ئیسلامەتی : بۆیە ئەگەر کافر بە ڕۆژووش بێ دروست نابێ .

ب – فام و هۆش : بۆیە ڕۆژووی شێت ومنداڵێک کەهۆشی پەیا نەکردبێ دروست نیە ،

چونکە نیازو مەبەستی لەگەڵ نیە ، بەڵام منداڵێک کە هۆشی پەیا کردبێ ئەوە ڕۆژووەکەی دروستە .

ج – عوزرێکی وای نە بێت کە ڕێگا بە ڕۆژوو نەدا وەک : وەزعی مانگانەی یا دوا منداڵ بوونی ئافرەت ، یالە هۆش خۆ چوون ، یا شێتی ئەگەر بە درێژایی ڕۆژەکە بەردەوام بوو .

## پ 7 : ڕۆژوو چەند رووکنی هەیە ؟

وەڵام : ڕۆژوو دوو روکنی هەیە:

1 – نیەت هێنان : واتە نیازی بە ڕۆژوو بوون ، شوێنی نییەتیش دڵە، بۆیە ئەگەر تەنیا بەزمان نییەتی هێناو، نیازە کە لە ناو دڵیا نەبوو ، ئەوە دانامەزرێ. پێغەمبەر صلى الله علیه وسلم فەرموویەتی: {إنما الأعمال بالنيات} رواه البخاری ومسلم.

واتە: دامەزران و قەبووڵی هەموو کارێک بەنییەتە، بوخاری وموسلم گێڕاویانەتەوە. ئەو نیازو نییەتەش دەبێ ئەمانەی خوارەوەی تێدابێ :

ا – لەشەودابوون : واتە لە کاتی دوای ڕۆژ ئاوا بوون تادەگاتە بەرە بەیان ، لەوماوەیە ، نیازو نییەتەکەی بەدڵدا هاتبێ ، بەڵام ئەگەر پێشی خست ، یا دوای خست دروست نابێ ، چونکە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ : { من لم يبيت الصيام قبل الفجر فلا صيام له } رواه البيهقى .

واتە : کەسێک لەشەوا پێش ئەوەی شەبەق بدا نیازو نییەتی ڕۆژووی نەبوو ئەوە ڕۆژووەکەی بۆ حیساب نابێ . کەواتە : بۆ هەر ڕۆژوویەکی فەرز لەشەودا نییەتی ڕۆژووی نەهێنا، ڕۆژووی ئەو ڕۆژەی بۆ نابێ.

ب – دیاری کردنی : وەک ئەوە بڵێ : بەڕۆژوو بوونی بە یانی لە مانگی ڕەمەزان .

ج – دووبارە کردنی بۆ هەر ڕۆژێک . بۆیە دەبێ لەهەر شەوێک ، نییەتی ڕۆژووی ڕۆژی دوایی بهێنێ . بەڵام ئیمامی مالک " ڕەحمەتی خوای لەسەر بێ" لای وایە ئەگەر لەشەوی یەکەمی ڕەمەزان نییەتی ڕۆژووی ئەو مانگەی بەتەواوی هێنا ، ئەوە بەسیەتی ، بۆیە چاک وایە : ئێمەش بەگوێرەی فەرموودەی ئەو ئیمامە ، لەیەکەم شەوی ڕەمەزان ، نییەتی بە ڕۆژوو بوونی تەواوی رمەزان بێنین ، تاوەکو ئەگەرشەوێک لەشەوان ، نییەتمان لەبیر چوو، نییەتەکەی یەکەم شەو بەکەلکمان بێ.

2 – ڕوکنی دووەمی ڕۆژوو (ئیمساکە) :

واتە : وازهێنان لە هەرشتێک ڕۆژوو بشکێنێ بە درێژایی ڕۆژی ڕەمەزان .خوای گەورە دەفەرموێ (وكلوا واشربوا حتى يتبين لكم الخيط الأبيض من الخيط الأسود من الفجر ثم أتموا الصيام الى الليل) البقرة / 187 . واتە : لە شەوی ڕەمەزان بخۆن وبخۆنەوە تا داوی سپی لە داوی ڕەشی شەبەق بۆتان جیا دەبێتەوە ، باشان ڕۆژووەکەتان ببەنە سەر و تەواوکەن تا شەو .

## پ 8 : ئاداب و ئوسولی ڕۆژوو چین ؟

وەڵام : ڕۆژوو ئاداب و ئوسوڵی تایبەتی خۆی هە یە دەبێ مـــوسوڵمان ئاگاداریان بێت ، لەو ئاداب و ئوسوڵانە :

1 – زوو ڕۆژوو شکاندن . لە دوای ئەوە دڵنیا بووکە ڕۆژئاوا بوە ڕۆژووەکەی بشکێنێ ، چونکە خۆشەویست صلى الله عليه وسلم دەفەرمووێ {لايزال الناس بخير ما عجلوا الفطر} .

واتە : موسوڵمانان هر لە باشیا ئەبن هەتاکو زوو ڕۆژوویان بشکێنن . بوخـــاری وموسلم گێڕاویانەتەوە.

وە چاک وایە بە دنکە خورمایەک ، یا قلە قەسپێک ڕۆژووەکەی بشکێنێ ، ئەگـــــەر نا بە قومێک ئاو .

2 – پارشێو کردن : سوننەتە شتێک بخوا لە پارشێوا، یا بخواتەوە ، با کەمیش بێ ، چونکە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەفەرمووێ : { تسحروا فإن فى السحور بركه} متفق عليه .

واتە : پارشێو بکەن؛ چونکە پارشێوکردن بەرەکەتی تیایە.بوخاری و موسلم گێراویانەتەوە .

لە ڕوایەتێکی تردا ئەفەرمووێ : { پارشێو بکەن بابە قومێک ئاویش بێ }.

3 – دواخستنی پارشێوکردن : کەبەماوەیەکی کەم بەرلەشەبەق لە خواردن و خواردنەوە ببێتەوە ؛ چونکە پێغەمبەرصلی الله علیه وسلم دەفەرمووێ : {لاتزال أمتي بخير ما عجلوا الإفطار وأخروا السحور}. رواه الامام أحمد. واتە میللەتم حاڵیان بەباشی ئەمینێ تالەڕۆژوو شکاندنداپەلە بکەن وپارشێویان دوا بخەن.

4 – وازهێنان لەقسەی پوچ و ناشیرین : جوێن نەدا ، ناوی خەڵک بەخراپە نەهێنێ ، بەینی خەڵک تێک نەدا، درۆ دووزمانی نەکا ، چونکە پێغەمبەر دەفەرمووێ {من لم يدع قول الزور والعمل به فليس لله حاجة في أن يدع طعامه وشرابه} رواه الجماعة الا مسلما .

واتە : کەسێ واز لەقسەی درۆو کردەوەی بە درۆ نەهێنێ ، بۆبەڕۆژوو دەبێ ، چونکە لەوکاتە، لەڕۆژووەکەی تەنیا برسێتی و تینوێتی بۆ دەمێنێتەوە و ، خواش پێویستی بەمە نییە کە خۆی تینو و برسی بکا .

5 – خێروخێرات زۆر کردن لە مانگی ڕەمەزان ، زۆر قورئان خوێندن ، مانەوە لەمزگەوت بەنیازی خوا پەرستن کە پێَ ی دەڵێن (إعتكاف) بەتایبەت لە دەشـەوەی دوایی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز هەروەک خۆشەویست صلى الله عليه وسلم وای کردوە.

## پ 9 : ئەو شتانەی کە زیان ئەگەێنن بە ڕۆژوو چین ؟

وەڵام : ئەو شتانەی خوارەوە باش نین بۆ ڕۆژووەوان و زیانیان هەیە :

ا – جوێن دان وقسە بەیەک ووتن .

ب – دوا خستنی ڕۆژوو شکاندن دوای خۆر ئاوابوون بەبێ هۆ.

ج – ماچ کردنی خێزان ئەگەر ئارەزوو نەجووڵێنَی ، ئەگەر جولاندی ئەوە حەرامە .

د – سیواک کردن لە دوای نیوەڕۆ.

هـ – کردنی ئەو شتانەی نەفس ئارەزووی دەکاو پێَ ی خۆشە لەو شتانەی : دبینرێن یا دەبیسترێن ، یا بۆن دەکرێن ، بەمەرجێک ئەگەر حەڵاڵ بن ، ئەگینا لێ ی حەرام ئەبن . بۆ نمونە ویستی گوڵێک بۆن بکا ئەگەر هی خۆی بوو ، ئەوە زیانی هەیە بۆ ڕۆژووەکەی خۆ ئەگەر گولەکَەی زەوت کردبوو ئەوە حەرام ئەبێ .

## پ 10 : ئەوانەی ڕۆژوو ئەشکێنن چین ؟

وەڵام : ئەوانەی ڕۆژوو ئەشکێنن دوو بەشن :

بەشی یەکەم : ڕۆژوو ئەشکێنن و لەدوا جار تەنیا قەزاو گێڕانەوەی پێویستە وەک ئەمــانەی خوارەوە :

1 – خواردن وخواردنەوە : ئەگەربەئەنقەست بێ باکەمیش بێت ، ڕۆژووەکەی پــێ دەشکێ.

بەڵام ئەگەر بەئەنقەست نەبوو بەڵکو لەبیری چوو کەبەڕۆژووە نانی خوارد یا ئاوی خواردەوە ئەوە ڕۆژووەکەی پێ ناشکێ ، با زۆریش بخوا یا بخواتەوە ، چونکە پێغەمبەرصلی الله علیه وسلم دەفەرمووێ { من أفطر في

رمضان ناسيا فلا قضاء عليه ولا كفارة } رواه الحاكم . واته : كەسێک لە بیری چوو لە ڕەمەزان شتی خوارد ، ئەوە نەقەزای لەسەرە و نە کەفارەت .

وە لەفەرموودەیەکی تردا پێغەمبە صلی الله علیه وسلم دەفەرمووێ : {من نسي وهو صائم فأكل أو شرب فليتم صومه فإنما أطعمه الله وسقاه} متفق عليه .

واتە : کەسێک لەبیری چوو بە ڕۆژوە ، نانی خوارد ، یا ئاوی خواردەوە ، با ڕۆژووەکەی تەواو بکا چونکە ئەوە خوا نانی داوەتێ و ئاوی پیداوە .بوخاری وموسلم گێڕاویانەتەوە .

ب – شتێک کەبەچاو ببینرێ ، بچێتە ژوورەوەی لەش ، بەمەرجێک :

1 – لە بۆشاییەکا وەک : دەم ، لووت ، گوێ ، پێش ، پاش ، بچێتە ژوورەوە.

2 – بگاتە بۆشاییەک لەناو لەش وەک : مێشک ،بەشی ژوورەوەی قورگ، یا گەدە (مەعیدە) ، ریخۆڵە . ...

3 – بەئەنقەست وابکا .

4 – بشزانی کە بەڕۆژووە.

کەواتە : دڵۆپ لە گوێ کردن ڕۆژوو دەشکێنێ ، بەڵام لەچاو کردن نایشکێنێ. یا ئەگەر هات و دەمی کردەوە هەندێ تۆز یا مێشوولەیەک خۆی خستە ناو قورگی ڕۆژووەکـەی ناشکێ ، چونکە لەدەست خۆی نەبووە و خۆی ئەوەی نەویستووە.

ج – شاف هەڵگرتن و دەرمان یا سۆندە خستنە ڕێگای میزەوە ، بەڵام دەرزی لێدان چ لە دەمار چ لە ماسوولکە ، ڕۆژووی پێ ناشکێ ، هەر جەند چاکتر وایە دوای بخات بۆ دوای بانگی مەغریب ئەگەر بتوانێ .

د – بە ئارەزوو خۆی خو ی بڕشێنێتەوە ، هەرچەند هیچ لە ڕشانەوەکەی نەگەڕێتەوە بۆ ناو سکی بەڵام ئەگەر بەناچاری ڕشایەوە ، ئەوە زیانی نییە ، مادام ڕشانەوەکەی قوت نەداتەوە ، بەڵکو ئەگەر کەمێکیش بەناچاری قوت بدات ئەوە چاو پۆشی لێ ئەکرێ وڕۆژووەکەی ناشکێ . پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەفەرمووێ : { من ذرعه القئ وهو صائم فليس عليه قضاء ، وإن استقاء فليقض} رواه الترمذي .

واتە : کەسێ بەڕۆژوو بە ناچاری ڕشایەوە ئەوە قەزای لەسەر نییە ، یـانی ڕۆژوەکەی ناشکێ ، بەڵام ئە کەر بەئارەزووی خۆی ڕشایەوە بارۆژووەکەی قەزا بکاتەوە.

هـ – خوێن دیتنی عادەت یا زەیسان ، یا منداڵ بوونی ئافرەت بەر لـە ڕۆژ ئاوا بوون و – شێت بوون با ساتێکیش بێ – ؛ چونکە لەگەڵ خوا پەرستن ناگونجێ .

و – لە هۆش خۆ چوون ، یاسەر خۆش بوون بەدرێژایی ڕۆژ ، بەڵام ئەگەر تەنها یەک دەقیقە هۆشیان هاتەوە ، ڕۆژووەکە دائەمەزرێ .

ز – دەست پەڕ کردن . هێنانەوەی ئاوی خۆی (مەنی) چ بەشێوەکی حەڵاڵ بێ ، وەک بەدەستی ژنەکەی ، یابەشێوەکی حەڕام وەک بەدەستی خۆی ، بەرووتی دەستیبیا بهێنێ یاخوود بەسەر جلێکەوە ، وەبەو مەرجە

کابرا بزانێ ڕۆژووی پێ ئەشکێ ولەبیری بێ کە بە ڕۆژووەو ، بەزۆری کەس نەبێ . هەروەها هاتنی ئاو (مەنی) ڕۆژوو دەشکێنێ ئەگەر هاتوو بەهۆی دەست کردنە ملی خێزانی ، یا ماچ کردنی بوو لەدواجار ئەبێ ڕۆژووەکە بگێڕێتەوە ، بەڵام هاتنە دەرەوەی ئاو بەهۆی سەیر کردن ، یا بیر کردنەوە ڕۆژووی پێ ناشکێ ، چونکە وەک خەو بینین وایە .

بەشی دووەم :

ڕۆژوو دەشکێنێ و لەدوا جاریش دووشتی پێویستە : قەزاو کەفارەت ، ئەوەش تەنیا بەهۆی "جماع"ەوەیە. کەواتە چوونەلای ئافرەت لەڕۆژوی ڕەمەزان ئەگەر هات و بە ئارەزووی خۆی بێ و ، بزانێ ڕۆژووی پێ ئەشکێ و ، لەبیریشی بێ ، خۆ ئاەی بێتەوە یا نە ، بەڵام ئەگەر بەزۆری کەسێ بوو ، یاخود نەیدەزانی ڕۆژووی پێ دەشکێ ، بەهۆی ئەوە – وەک لە پێشدا گوتمان – تازە موسوڵمان بوو – یا دوور لەزانایانی دین ژیا بوو ، یالە بیری نەبوو کە ڕۆژوو بەمە دەشکێ ، ئەوە ڕۆژووەکەی بەتاڵ نابێتەوە .

جائەگەر هاتوو ئەم شتانەی ئەزانی و ، لەگەڵ ئەوەش لە کاتی ڕۆژووی ڕەمەزان ئەم کارەی کرد ئەوە دەبێ دوای ڕەمەزان ئەم ڕۆژووە قەزابکاتەوە ، وە کەفارەتیش بدا بەم تەرتیبە :

1 – بەندەیەکی ساغی بێ عەیب ئازاد بکات ، ئەگەر ئەوە نەبوو .

2 – دوومانگ لەسەر یەک بە ڕۆژوو بێ ، (60) ڕۆژ .

3 – شەست هەژار نان بدات ، هەریەکە مشتێک لەگەنم ، یا قوتی زۆربەی ئەو وولاتەیان بداتێ ، ئەگەر ئەمەشی پێ نەکرا ، کەفارەتەکە قەرز ئەبێ بەسەریەوەو ، ئەمێنێتەوە ، تائەوکاتەی دەستی ئەڕوا ، ئەوکاتە جێ بەجێ ی دەکات . بەڵگە لەسەر ئەمەش فەرموودەی پێغەمبەرە صلى الله عليه وسلم کە ئەبو هورەیرە بۆمانی ئەگێڕێتەوەو دەڵێ {جاء رجل الى النبي صلى الله عليه وسلم فقال : يارسول الله هلكت . قال : وما أهلكك ؟ قال واقعت إمرأتي في رمضان ، فقال رسول الله "صلىالله عليه وسلم " هل تجد ما تعتق رقبة ؟ قال : لا. قال : فهل تستطيع أن تصوم شهرين متتابعين ؟ قال : لا. قال : فهل تجد ما تطعم ستين مسكينا؟ قال: لا. ثم جلس ، فأتي النبي بعرق فيه تمر فقال : تصدق بهذا . فقال أعلى أفقر منا يا رسول الله ؟ فوالله مابين لابتيها – أي حرتيها – أهل بيت أفقر من أهل بيتي . فضحک رسول الله "صلىالله عليه وسلم " حتى بدت أنيابه ثم قال : إذهب فأطعمه أهلک } . أخرجه البخاري ومسلم.

واتە : پیاوێک هاتە خزمەت پێغەمبەرصلى الله عليه وسلم و گوتی : ئەی پێغەمبەری خوا فەوتام؟ فەرمووی چ تۆی فەوتاندووە ؟ گوتی لەڕۆژی ڕەمەزاندا ڕۆیشتیمە لای خێزانم !پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەمووی : ئەوەندت هەیە بەندەیەک ئازاد بکەیت ؟ گوتی : نەخێر. فەرمووی : دەتوانی دوومانگ لەسەریەک بەڕۆژوو بیت ؟ گوتی : نەخێر ! فەرمووی : دەتوانی نانی شەست هەژار بدەیت؟ گوتی : نەخێر. لە پاشان دانیشت ، زۆری نەبرد بێغەمبەرصلى الله عليه وسلم زەمبیلێکی گەورە – کە یازدە تا بیست رووبە بگرێ – پڕ لە قەسپیان بۆ هێناو فەرمووی : برۆ ئەمـــە بکە بەخێر. پیاوەکە گوتی : بیدەم بەیەکێ لەخۆمان هەژارتر؟ بەخوا سوێند دەخۆم لەوشارە خێزانێک نیە لە ئێمە هەژارتر ! جا پێغەمبەرصلى الله عليه وسلم پێکەنی تا کاکیلە پیرۆزەکانی بەدیارکەوت پاشان فەرمووی : برۆ بیدە بە ماڵ و منداڵەکانت . بوخاری و موسلم گێڕاویانەتەوە .

مامۆستا مەلا عبدالكريم (مدرس) ڕەحمەتی خوای لی بی لەم بابەتە لەبەرگی یەکەم لەشەریعەتی ئیسلام لاپەرە ( 248 -249) دا نووسیویەتی وئەڵێ : هەرکەسێ بە ڕۆژوو بێ لە مانگی ڕەمەزانا ، بەڕۆژووی ڕەمەزان و

ڕۆژووەکەی بشکێنێ بە جیماع ، بە جۆرێ کە گوناهی پێ بگا بەهۆی شکاندنی ڕۆژووەکەوە ، ئەوە واجبە لەسەری لەگەڵ قەزای ڕۆژووەکەدا کەفارەتی ئەوجیماعە بدا .

**کەواتە کەفارەت لەسەر کەسێ نیە :**

- کە بەڕۆژوو نەبێ و جیماع بکات .
- یاخود بەڕۆژوو بێ ، بەڵام ڕۆژووەکەی ڕۆژووی ڕەمەزان نەبێ ، بۆ نمونە ئەو ڕۆژە بە ڕەمەزان نەزانێ ڕۆژووی سوننەتی تیا بگرێ ، یا قەزای ڕۆژوویەکی فەوتای تیابکاتەوە.
- لەسەر پیاوێک یا نەخۆشێک کە ڕۆژووی لەسەر واجب نەبێ و ڕۆژووەکەی بە جیماع بشکێنێ.
- یا لەسەر یەکێ لە پێشا ڕۆژووەکەی بشکێنێ ئەوسا جیماع بکا .
- یا کەسێ کەوەختەکە بەشەو بزانێ و جیماع بکا ، ئەوسا دەربکەوێ ئەوکاتە کەجیماعەکەی تیا کردوە ڕۆژ بووە .
- لەسەرکەسێ تازە موسولمان بێ یا لە وولاتێکی وادابێ دوور بێ لەزانایانی دین .
- یا بە زۆر ناچاری جیماعی بکەن .
- یاخود بزانێ کە حەرامەو بەئارەزوی نەفس بیکا،بەڵام لەیادی نەبێ کە بەڕۆژووە.
- لەسەرکەسێک ڕۆژووی سوننەت ، یاڕۆژووی قەزای غەیری ڕەمەزان- وەک ڕۆژووی نەزر- بشکێنێ بە جیماع .
- یاخود ڕۆژووی ڕەمەزان بشکێنێ بەڵام لەکاتی قەزاکردنەوەی دابێ .
- واجبیش نییە لەسەرکەسێ  ڕۆژووی ڕەمەزان بەغەیری جیماع بشکێنێ . فەرموودەی ڕاستر ئەوەیە ئەم کەفارەتە تەنهالەسەر کابرا واجبەوبەس ، خۆ ژنەکەی نووستوو یا بەخەبەر بووبێ ، ڕازی بووبێ یانە ، ئەگەر کەسێ ڕۆژووی بە جیماع شکاند و لەپاش ئەوە لەهەمان ڕۆژ نەخۆش کەوت یا ڕۆیشت بۆ سەفەر ، ئەوە هەر واجبە لەسەری کەفارەتەکە بدا ، چونکە ڕۆژووەکەی  بەناشەرعی شکاندوە . ئەگەر کەسێ لەڕۆژی ڕەمەزان دا چەند جار جیماعی بکا ، هەریەک کەفارەتی لەسەرە . ئەگەر چەند ڕۆژیش جیماعی کرد ، ئەبێ بەپێ ی ڕۆژووەکان کەفارەت بدا ، چونکە ڕۆژووی هەر ڕۆژێک خوا پەرستنێکی سەربەخۆیە .

ئەگەر یەکێک کەفارەتی کەوتەسەر و هەژاربوو، بۆی نیە کەفارەتەکە بدا بە ماڵ ومنداڵی خۆی هەروەک لەوفەرموودەیەی پێغەمبەرداصلی الله علیه وسلم  دیتمان چونکە ئەو فەرمانەی دای بەکابرا ، ئەوە تایبەت بووە بە پێغەمبەر و بۆکەسی تر نیە ئەو فەرمانە بدا.

## پ 11 : ئەوانەی ئەبنە بەهانە (عزر) بۆ ڕۆژوو شکاندن چین ؟

وەڵام : شەریعەتی ئیسلام ڕێگا بەموسوڵمان ئەدا کەبە ڕۆژوو نەبێ ئەگەر هات و یەک لەم بەهانانەی خوارەوەی هەبوو :

ا – سەفەر : ئەگەر هاتوو سەفەرەکەی درێژ بوو لە (83)کیلۆ مەتر کەمتر نەبوو پێش شەبەقیش سەفەرەکەی دەست پێ کردبوو ئەتوانی بە ڕۆژوو نەبێ ، بەڵام ئەگەر لەماڵەوە بوو بەڕۆژوو بوو ، پاشـــان لەڕۆژدا سەفەری کرد ، بۆی نیە ڕۆژووەکەی بشکێنێ .

ب – نەخۆشی : ئەگەر ڕۆژووەوان نەخۆش کەوت و ترسا بەهۆی ڕۆژووەکەیەوە نەخۆشیەکەی پەرە بسێنێ ، یا درەنگ چاک ببێتەوە ، یاناڕەحەتی یەکی زۆر ببینێ ، دروستە ڕۆژووەکەی بشکێنێ . ئەگەر لای وابوو پێ ی دەفەوتێ ، یا زیانێکی زۆری پێ دەگا ، وەک کوێر بوون ، یا کەڕ بوون ئەوکاتە نابێ بەڕۆژوو بێ خوا ئەفەرموێ (ولا تقتلوا أنفسكم إن الله كان بكم رحيما) النساء/29 واتە : ئێوە خۆتان مەکوژن چونکە خوا بەرانبەر بەئێوە بەزەیی زۆرە . بەڵام ئەگەر لای وا بوو ، بەهۆی ڕۆژوەکەوە نەخۆش ئەکەوێ ، بۆی نیە ڕۆژووەکە بشکێنێ. وە ئەبێ نەخۆش لەکاتێکا ڕۆژووەکە دەشکێنێ نیازی ڕوخسەتی ببێ ..

ئەگەر نا گوناهکار ئەبێ . خوا ئەفەرمووێ : ( فمن كان منكم مريضا أوعلى سفر فعدة من أيام أخر)البقرة / 181 .

واتە : ئەگەر هاتوو یەک لەئێوە نەخۆش بوو ، یالەسەفەردابوو و ڕۆژووەکەی شکاند ئەبێ ئەوەندە ڕۆژەی دوا جار قەزابکاتەوە بەڵام تا ڕێبوار بتوانێ ڕۆژووەکەی بشکێنێ یاهەر بەڕۆژوو نەبێ ئەبێ سەفەرەکەی :

1 – بۆکارێکی خراپ نەبێ .

2 – درێژ بێ ، واتە نزیکی (83) کم بێ .

3 – پێش شەبەق سەفەرەکەی دەست پێ کردبێ .

بۆیە ئەگەر لەماڵەوە بوو نییەتی ڕۆژووی هێنا ، کەبوو بە ڕۆژ سەفەرێکی هاتە پێش و سەفەری کرد بۆی نیە ڕۆژووەکەی بشکێنێ . بەڵام ئەگەر لەڕێگادا بوو شەو نیازی ڕۆژووی کرد ، لەڕۆژدا ئەتوانێ ڕۆژووەکە بشکێنێ چونکە بەهانەکەی بەردەوامە . بەڵام ئەگەر گەیشتە ماڵەوە و بەڕۆژوو بوو تازە بۆی نیە ڕۆژووەکە بشکێنێ .

هەرچوند نەخۆشی و سەفەر ئەبنە بەهانە بۆ رۆژوو شکاندن ، یابەڕۆژوو نەبوون بەڵام ئەگەر تۆزێک خۆیان ماندوو بکەن وبەڕۆژوو بن خێرترە ، بۆیە خوا دەفەرمووێ (وأن تصوموا خير لكم إن كنتم تعلمون) واتە : بەڕۆژوو بن باشترە بۆتان ئەگەر بزانن .

ج ، د – ئافرەت سکی هەبێ ، یا شیر پێ دەو بێ :

ئەم دووانە کەبەڕۆژوو بوون لەوەترسان کەڕۆژووکە زیانیان پێ بگەیەنێ : بە خۆیان ، یابەمنداڵەکەیان، بۆیان هەیە بەڕۆژوو نەبن ، جامنداڵە شیر خۆرەکە منداڵی خۆی بێ ، یا تەنیا شیری پێ بدا واتە (دایەن ، شیردەر) . بەڵام ئەگەر لەوەترسان کە ڕۆژوە کە ببێتە هۆی فەوتانی خۆی ، یا منداڵەکە ، ئەوکاتە نابێ بەڕۆژوو بن . پێغەمبەرصلی الله علیه وسلمفەرموویەتی {إن الله عزوجل وضع للمسافر الصوم وشطر الصلاة ، وعن الحبلى والمرضع} سنن النسائي .

واتە : خوای گەورە ڕۆژوو و نیوەی نوێژ لەسەر ڕێبوار لاداوە کە بۆی هەیە لە سەفەردا بە ڕۆژوو نەبێ و ، نوێژە چوار ڕکاتە کانیش کورت بکاتەوە وبیکا بە دوو ڕکات ، هەروا ڕۆژووی لەسەر ئەو ئافرەتەی سکی هەبێ یا منداڵی شیر خۆری لەبەر بێ هەڵگرتووە . نەسائی گێراویەتەوە .

جا ئەو دوو ئافرەتە ئەگەر لەترسی زیانی خۆیان بە ڕۆژوو نەبوون ، ئەوە لەدوا جار تەنها قەزایان لەسەرە ، خۆ ئەگەر لەترسی زیانی منداڵەکە بە ڕۆژوو نەبوون  ئەوە لەدوا جار قەزاشیان لەسەرە و دەبێ فیدەیش بدەن ، فیدەیش ئەوەیە لەجیاتی هەر ڕۆژێک کە بەڕۆژوو نەبوو ،مشتێ دەغڵ ودان کە دەکاتە نزیـکەی (600) غم بدابە هەژارێک .

هـ – ئافرەت لەکاتی بێ نوێژی ، (عادە) یا زەیسانی .

ئافرەت بکەوێتە ناو عادەوە ، یا زەیسان بێ ، حەرامە بەڕۆژوو بێ ، ئەگەر بەڕۆژووش بوو ڕۆژووەکەی بەتاڵەوَ ، لە دوا جاریش تەنها قەزای لەسەرە ، چونکە دایە عائشە :" خوا لێ ڕازی بێ " ئەفەرمووێ {كان يصيبنا ذلك – أي الحيض – فنؤمر بقضاء الصوم ولا نؤمر بقضاء الصلاة}متفق علية واتە : دەکەوتینە عادەوە داوای قەزای ڕۆژوومان لێ دەکرا ، داوای قەزای       نوێژمان لێ نەدەکرا .

و – پیری : ئەگەر یەکێک چ پیاو چ ئافرەت ئەوەندە پیر بوو توانای ڕۆژووی نەبوو لەهەر چوار وەرزەکان ، بەڕۆژوو نابێ تەنها لەجیاتی هەر ڕۆژێک فیدیەیەک ئەدا وەک باسمان کرد.خوا ئەفەرمووێ: (وعلى الذين يطيقونه فدية طعام مسكين)البقرة/ 184 .

واتە : ئەوانەی بەزەحمەتێکی زۆر ئەتوانن بەڕۆژوو بن ، ئەبێ لە جیاتی هەر ڕۆژێک فیدیەیەک بدەن بە هەژارێک . وەهەروەها نەخۆشێک کە ئومێدی چاک بوونەوەی نەکرێ تەنیا فیدیەی لەسەرە و بەڕۆژوو نابێ .بەڵام نەخۆشێک نەتوانێ لەڕەمەزان بەڕۆژوو بێ ، کەچی دەیتوانی لە دوایی دا قەزای بکاتەوە ، ئەوە فیدیە ناداو لەدوا جار تەنیا قەزای لەسەرە . هەروەها کەسێ بە ڕۆژوو بوو ، تینووی بوو یا برسی بە جۆرێک خۆی بۆنەدەگیراو نەیدەتوانی لەسەر ڕۆژووەکە بەردەوام بێ ، بۆی هەیە ڕۆژووەکە بشکێنێ وە لەدوا جاریش تەنها قەزای لەسەرە .

ئەوانە بوون بە هانەی ڕۆژوو شکاندن . جا ئەگەر لەڕۆژدا بەهانەکەی بەسەر چوو ، وەک ئەو ئافرەتە کە لەعادە تەواو بوو ، یا ڕێبوار  گەیشتە ماڵەوە ، یا منداڵ خۆی ناسی وبالق بوو ، سوننەتە بۆی تا ئێوارە هیچ نەخوا لەبەر ڕێزی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز .

## پ 12 : ئایا ئەوانەی کاری گران دەکەن وەک : درە و ، نانەوایی ، ئاسنگەری ، ئەتوانن بە ڕۆژوو نەبن ؟

وەڵام :  شیخی (ابن حجر ) لە (تحفە) دا فەرموویەتی : دروستە بۆئەوانەی کارەکانیان گرانە ، بەڕۆژوو نەبن بەسێ مەرج :

ا –   ئەو کارە نەتوانرێ بەشەو بکرێ ، یا بکرێ بەڵام باش دەرنەچێ.

ب – ئەگەر هاتوو ئەوکارە نەکا زیانێکی ماڵی وای تووش بێ لە دەسەڵاتیـا نەبێ و نەچێتە ژێر باریەوە .

ج– ئەوکارەدوازدە مانگ نەبێ و بتوانێ لەکاتێکی تراڕۆژووەکەی بەقەزابگێرێتەوە لێرەوە زۆر لەزایانی ئیسلام گووتویانە : ئەوانەی کە کاری قورسیان هەیە ، ئەبێ لەشەوا نییەتی ڕۆژوو بێنن و پارشێو بکەن ، ئەگەر لەڕۆژدا زۆر نارەحەت بوون بە هۆی تینوێتی ، یا برسێتی ، کەبترسێ زیانی پێ بگات ، ئەوکاتە ڕۆژووەکە دەشکێنێ ، بەڵام لەدواجار ئەبێ قەزای بکاتەوە .

## پ 13 : قازانج و سوودی ڕۆژوو بۆ موسڵمان چی یە ؟

وەڵام : لەڕاستیدا خوا لە ئایینی ئیسلامی پیرۆز شتێکی لە ئێمە داوا نەکردوە کەقازانجی خۆمان و خەڵکی تێدا نەبێ . هەروەها هیچ شتێکی لە ئێمە قەدەغە نەکردووە ئەگەر زیانی ئێمەو خەڵکی تێدا نەبێ . جا بابزانین قازانجی ڕۆژوو بۆ موسڵمانان چی یە ؟

لێرەوە دەڵێین : ڕۆژوو قوتابخانەیەکە دەیەها دەرسی تەندروستی و ئەدەب و ڕەوشتی کۆمەڵایەتی لێ فێردەبین بۆ نمونە :

1 – ڕاستی : ڕۆژوو پەرستنێکی نهێنی یە لە نێوان مرۆڤ و لە نێوان خوادا ، چونکە دەتوانێ لەماڵەوە تێر بخواکەهاتە دەرەوەش خۆی وا پیشان بدا کە بەرۆژووە بەڵام موسڵمان کە بە ڕۆژوو دەبێ حیساب بۆ خوا دەکات و لەگەڵ خوا بــەراستی ڕەفتار دەکات ..

ئاشکرایە موسوڵمانێک کەلەگەڵ خوا ڕاست بوو ، پاشان درۆ لەگەڵ خەڵک ناکات ، بۆیەزیاد لەهەموو خواپەرستنێکا ، خوا ڕۆژووی بۆ خۆی داناوە ، چونکە هەموو خواپەرستنێکی تر لەوانەیە ڕیای تێدا بکرێ تەنها ڕۆژوو نەبێ ؛ بۆیە لە فەرموودەیەکی قودسی دا ئەفەرمووێ:

{ كل حسنة بعشر أمثالها ، الا الصوم فإنه لي وأنا أجزي به }.

واتە : هەموو چاکەیەک خێری بە دەیە تەنها ڕۆژوو نەبێ ، ئەوبۆ منە و ، خۆم پاداشتی ئەدەمەوە.

2 – ئەدەب و ڕەوشتی بەرز : موسوڵمانێک بۆ ڕەزامەندی خوا خۆی لەنان و لە ئاو – کەژیانی پێیانەوە بەستراوە لەدونیا و پێویستیەتی – دوور خستەوە ، ئەبێ زیاتر خۆی لەڕەفتاری خراپ ،درۆ ، دووڕوویی ، ناوهێنانی خەڵک بە خراپە ، چاو گێران بە دوای عەرزو ناموسی خەڵک ، دەست درێژ کردن بۆ گیان وماڵی خەڵک دووربخاتەوە . هەتاوەکو جوێنیشی پێ بدرێ وەڵام ناداتەوە .

بۆیە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی : {فإن سابه أحد أو شاتمه ، فليقل : إني صائم}. واتە : ئەگەر یەکێک جوێنی بە موسوڵمان دا لەکاتی ڕۆژوو گرتندا ، بائەوەندەی پێ بڵێ :

{ من بەرۆژووم } واتە ڕۆژوو ڕێگام نادا بەرانبەری خراپەی تۆبکەم بەخراپە .

3 – هاوکاری کۆمەڵایەتی :

ئاشکرایە لەهەرکۆمەڵێکدا دەوڵەمەند هەن لەو پەڕی خۆشی دان و ، هەژاری واش هەن کەلەوپەڕی کورتی و نەبوونی دا دەژین و ،

لەوانەیە دەوڵەمەندەکە هەست بەو دەردەسەریە نەکا ، کەبرای هەژاری تیایەتی وەکو دەڵێن : سکی تێر ئاگای لەبرسی نیە . بەڵام کەمانگی ڕەمەزان دادێ وخەڵک هەموو لەهەموو تیایا برسی و تینوو بوون ، دەوڵەمەند تاڵی و سوری نەبوونی وبرسێتی چێشت ماوەی دوازدە سەعات ، ئەوکاتە بیر ئەکاتەوە لەو برایانەی ساڵ دوازدە مانگ لەوژیانە تاڵە دا ئەژین ، جا سۆزی باوەڕ دەیان جولێنێ و هەستی برایەتی وایان لێ دەکا ، کەدەستی هاوکاری بۆ برا هەژارەکانیان درێژ بکەن و باری قورسی سەرشانیان بۆ سووک بکەن ، بۆیە دەڵێن حەزرەتی یوسف " دروودی خوای لەسەر بێت " هەمیشە خۆی برسی دەکرد ، ڕۆژێ عەرزیان کرد :

{ لم تجوع وأنت على خزائن الأرض ؟ } واتە : لەبەرچی خۆت برسی دەکەی وخەزینەی زەوی لە ژێردەستایە ؟ ئەویش وەڵامی دایەوەو فەرمووی : { أخاف أن أشبع فأنسى الجائع } فەرمووی : دەترسم تێر بم ، برسیان لە بیر بکەم . خۆزگە کاربەدەستی موسوڵمانان ئەمڕۆ سوودیان لەوفەرموودەیە وەربگرتبایە! ئەوکاتە نەمان دەدیت ملیۆنەها موسڵمان لەدونیا لەبرسان بمرن ،

4 – تەندروستی و لەش ساغی : شتێکی ڕوونە کەزۆربەی نەخۆشی تووشی مرۆڤ دەبێ بەهۆی خواردنەوەیە بۆیە لەکۆنەوە گوتوویانە : " المعدة بيت الداء ، والحمية رأس الدواء "" مەعیدە خانووی هەمووی دەردێکە و پارێزیش سەری هەموو دەرمانێکە . جگە لەمەش مەعیدەی مرۆڤ ، شەوو ڕۆژ ، ساڵ دوازدە مانگ لە کار دایە ، بۆیە چەند شتێک وەک پارچەی بەزو پاش ماوەی خواردن تیایا ئەمێنێتەوە ، جا پێویستە ماوەیەک بسێتەوە ، تا هێزو توانای تازە بکاتەوە و بتوانێ ئەوپاش ماوەی کەلەناوی ماوە حەل بکات و فرێی بداتە دەرەوە ، وەچاکترین ماوە پێدان بۆ سانەوەی ڕۆژووە کەساڵی مانگێکی تەواو ، بەدرێژایی ڕۆژ لەکاکردن ئەسێتەوە ، بەڵکو عیلم و زانست ئەمڕۆ توانیویەتی زۆر لەسوود و قازانجی ڕۆژوو لە ڕووی تەندرووستی دا بۆمان ڕوون بکاتەوە و ، بڕیار بدا کە چاکترین چارە کردن بۆ زۆر نەخۆشی ڕۆژووە . جابۆیە پێغەمبەری گەورەو سەروەرمان صلى الله عليه وسلم دەفەرمووێ : {صوموا تصحوا} واتە : ئێوە بەڕۆژوو بن لەشتان ساغ و تەندروستیتان پتەو ئەبێ .

## پ 14 : شەوی قەدر چیە ؟ پلەو گەورەیی چۆنە ؟

وەڵام : شەوی قەدر شەوێکی گەورە و پیرۆزە لەمانگی ڕەمەزان و ، لەبەر گەورەیی ناوی لێنراوە شەوی قەدر، چونکە لەوشەوە ، کتێبێکی بەقەدر و قیمەت واتە(قورئان) ، بەهۆی فریشتەیەکی بەقەدرو قیمەت واتە (جبرائيل) هاتوە تە خوارەوە بۆسەر پێغەمبەرێکی بەقەدرو قیمەت واتە حەزرەتی محمد " دروودی خوای لەسەر بێت " ، بۆ میللەتێکی گەورەو خاوەن قەدر واتە (موسڵمانان ) . ئەو شەوە بەلای خواوە لەهەزار مانگ گەورەترە و قەدری زیاترە ، هەروەک خوا دەفەرمووێ : ( ليلة القدر خير من ألف شهر) القدر / 3 .

واتە : هەوڵ دان و کار کردن لەوشەوە : لە نوێژ لە زیکر ، لە قورئان خوێندن ، دوعاو پارانەوە باشترە لە هەزار مانگ کەئەو شەوەی تێدانەبێ . وەباشترین دوعا لەوشەوە هەروەک دایکە عائشە " خوای لێ ڕازی بێت " لە پێغەمبەری گێڕاوەتەوە کە فەرموویەتی : {اللهم إنك عفو تحب العفو فاعف عني } واتە : ئەی خوایە : تۆ زۆر خەڵک دەبەخشی و لێ بووردنت پێ خۆشە ، کەواتە بم بوورە ولێم خۆشبە .

## پ 15 : شەوی قەدر کامەیە ؟

وەڵام : ئەو بۆ چوونەی پەسند کراوبێ لەم بابەتە ئەمەیە کەئەم شەوە یەکە لە دە شەوەکانی دوایی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز ، جا بۆیە پێویستە موسڵمان لە مانگی ڕەمەزان بەگشتی و لەدە شەوەکانی دواییدا بەتایبەتی ،

خۆی ماندوو بکا ، خوا پەرستنێکی چاکی تیا بکا ، بە ئومێدی ئەوە لە خێرو پاداشتی ئەم شەوە بێ بەش نەبێ ، هەروەک پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم خۆی تێدا ماندوو کردووە . ئیمامی بوخاری لە دایکە عائشە " خوای لێ رازی بێ " ئەگێڕێتەوە و ئەفەرمووێ : { كان النبي إذا دخل العشر الأواخر شد مئزره ، وأحيى ليله وأيقظ أهله } . واتە : کە دە شەوی دوایی دەهات ، پێغەمبەرصلی الله علیه وسلم پشتوێنی توند ئەکرد – واتە بە لای خێزانەکانیەوە نەدەچوو – ئاگاداری دەکردنەوە لەخەو ، بۆ خوا پەرستن شەوەکەی پێ زیندوو دەکردەوە .

## پ 16 : زەکاتی (فطر) سەرفیترە چیە و چەندە ؟

وەڵام : سەرفیترە بریتی یە لە زەکاتی ڕۆژوو ، ئەم کەم و کورتیەی لە ڕۆژوودا هەیە تەواوی دەکا ، هەروەک سوجدەی سەهوو کەم و کورتی ناو نوێژ تەواو دەکا پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەفەرمووێ : {زكاة الفطر طهرة للصائم عن اللغو والرفث وطعمة للمساكين} رواه ابوداود .

واتە : سەرفیترە ڕۆژوە وان پاک دەکاتەوە لەووتووێژی پرووپووچ و ، نان دانە بە پێویست وهەژاران .

سەرفیترە لەساڵی دووەمی کۆچی دا فەرز کراوە بەئەندازەی رووبەیەکی تەواو لە جۆری خواردەمەنی خەڵکی ئەو شارە ، عبدالله ی کوڕی ئیمامی عمر " خوا لێیان رازی بێت " ئەڵێ { فرض رسول الله صلى الله عليه وسلم زكاة الفطر من رمضان على الناس صاعا من تمر أو صاعا من شعير ، على كل عبد أو حر صغير أو كبير ذكر أو أنثى من المسلمين} متفق علية .

واتە : پێغەمبەرصلی الله علیه وسلم سەرفیترەی لەسەر خەڵک فەرز کرد بەئەندازەی رووبەیەک کەدەکاتە نزیکەی (2.5) کغم دوو کیلۆگرام و نیو – لەقەسپ یاڕووبەیەک لە جۆ – زۆربەی خواردنی دانیشتوانی ئەوشارە چی بوو ، لەوە دەردەکرێ – لەسەر هەموو بەندەو ئازادێک – گەورەو بچووک ، پیاووئافرەت ، لەموسڵمانان .

## پ 17 : سەرفیترە لەسەر کێ واجبە ؟ کەی واجب دەبێ ؟ لەچ کاتێکا دەردەکرێ ؟

وەڵام : سەرفیترە واجیبە لەسەر موسڵمانێک بگاتە ئاوابوونی دوا ڕۆژەی مانگی ڕەمەزان ، کەواتە واجیب نابێت لەسەر کەسێک پێش ئەم کاتە بمرێ ، یا دوای ئەمە لە دایک ببێ دەبێ موسڵمان ئەم سەرفیترەیە دەربکات – ئەگەر هاتوو زیادبوو لە پێویستی خۆی و ئەو کەسانەی کەخەرجیان لەسەر ئەوبێ لەشەوو ڕۆژی جەژن .

باشترین کات بۆ دەرکردنی سەرفیترە بەینی هەردوو نوێژەکانە : نوێژی بەیانی ڕۆژی جەژن و نوێژی جەژن ، هەروەک پێغەمبەری خوا وای کردوە . بەڵام دەتوانی پێشی بخا هەتا وەکو زانایانی مەزهەبی ئیمامی شافعی فتوایان داوە کە دروستە لە ڕۆژانی یەکەمی ڕەمەزانی پیرۆز بدرێ و ، کە ڕاهەتی هەیە لە نوێژی جەژن دوا بخرێ و ، حەرامە لەڕۆژی جەژن دوا بکەوێ . مەگەر بەهانەیەکی شەرعی هەبێ وەک ئەوە ماڵەکەی لانەبوو ، یا کەسی دەست نەکەوتبوو ، ئەگینا گوناهباردەبێ و پێویستە دەست بەجێ قەزای بکاتەوە . نرخی سەرفیترە (50) کرۆنی نەرویجی یە ،وەکو زەکاتی ماڵ دەدرێ بەم هەشت چینەی خوا باسیانی کردوە لە قورئان :

(إنما الصدقات للفقراء والمساكين والعاملين عليها والمؤلفة قلوبهم وفي الرقاب والغارمين و في سبيل الله وابن السبيل) التوبة / 60 .

واتە : زەکات دەدرێ بە هەشت چین : هەژار ،دەست نەڕۆ ، ئەوانەی زەکات کۆدەکەنەوە ، ئەوانەی دڵیان ڕا ئەگیرێ ، یارمەتی دانی ئەو بەندانەی بەڵێنی ئازاد کردنیان پێ دراوەو ، قەرزارەکان ، لە ڕێگای خوا ، ڕێبوارێک لە ڕێگادا ماڵی پێ نەمابێ و پەکی کەوتبێ .

ئەو هەشت چینانە زەکاتیان ئەدرێتێ ، بەتایبەت هەژارو دەست نەڕۆ و قەرزار ، کە زۆربەی موسڵمانانی ئەمڕۆ دەگرێتەوە و هەموو ڕۆژێ ژمارەیان بە هۆی ستەم و زۆرداری ڕژێمە لەخوا نەترسەکانەوە لەزۆر بوون دایە. بەڵێ زەکات و سەرفیترە ئەدرێ بە برا و خوشکە دەست کورتەکانمان ، تاهەموو لە هەموو هەست بەبەختەوەری بکەن لەڕۆژی جەژندا .

کۆتایی هێنانی باسەکە :

لێرەوە بەچەند فەرموودەیەکی پێغەمبەرصلى الله عليه وسلم کۆتایی بە باسی ڕۆژوو دێنین و لە خوا داوادەکەین کەیارمەتیمان بدا وەکو چۆن ئیسلام دەیەوێ و خوا داوای لێ کردوین وابین و ، بتوانین سوود لەو تەمەنە کورتەی دونیامان وەربگرین و ، زەخیرەیەکی باشی تیا کۆ بکەینەوە ، تا بەکەڵکمان بێ ئەگەر خوا ئارەزووی لێ بێ لەوڕۆژەی کە شەوی بەسەرداناێ .

1 – فەرموودەی یەکەم : عن أبي هريرة " رضي الله عنه" إن رسول الله صلى الله عليه وسلم قال {إذا جاء رمضان فتحت أبواب الجنة ، وغلقت أبواب النار و صفدت الشياطين} متفق عليه .

واتە :کەمانگی ڕەمەزان داهات ، دەرگاکانی بەهەشت دەکرێتەوە ، دەرگاکانی ئاگر دائەخرێن و ، شەیتانەکان ئەبەسرێنەوە .بوخاری و موسلم گێڕاویانەتەوە .

2 – فەرموودەی دووەم : {من صام رمضان إيمانا واحتسابا غفر له ما تقدم من ذنبه ، ومن قام ليلة القدر إيمانا واحتسابا غفر له ما تقدم من ذنبه} متفق عليه .

واتە : کەسێ مانگی ڕەمەزان بەئیمان وباوەڕەوە بۆ خوا بەڕۆژوو بوو ، گوناهی پێشووی ئەسڕێتەوە ، وەکەسێ شەوی قەدر هەستێ خواپەرستن بکا ، گوناهی پێشووی ئەسڕێتەوە .

3 – عن سلمان " رضي الله عنه" قال : خطبنا رسول الله – صلى الله عليه وسلم – في آخر يوم من شعبان فقال يا أيها الناس قد أظلكم شهر عظيم مبارك ، شهر فيه ليلة خير من ألف شهر ، شهر جعل الله صيامه فريضة ، وقيام ليله تطوعا من تقرب فيه بخصلة من الخير كان كمن أدى فريضة فيما سواه ومن أدى فريضة فيه كان كمن أدى سبعين فريضة فيما سواه، وهو شهر الصبر ، والصبر ثوابه الجنة ، وشهر المواساة ، وشهر يزاد في رزق المؤمن فيه ، من فطر فيه صائما ،كان مغفرة لذنوبه وعتق رقبته من النار و كان له مثل أجره من غير أن ينقض من أجره شيء . قالوا : يا رسول الله ليس كلنا يجد ما يفطر الصائم ؟ فقال رسول الله "صلى الله عليه وسلم" : يعطي الله هذا الثوب من فطّر صائما على تمرة أو على شربة ماء ، أو مَذقة لبن ، وهو شهر أوله رحمة، وأوسطه مغفرة و آخره عتق من النار ، من خفف عن مملوكه فيه غفر الله له وأعتقه من النار ، واستكثروا فيه من أربع خصال : خصلتين ترضون بهما ربكم و خصلتين لا غناء بكم عنهما .. فأما الخصلتان اللتان ترضون بهما ربكم : فشهادة أن لا اله الا الله و تستغفرونه ، وأما الخصلتان اللتان لا غناء بكم عنهما : فتسألون الله الجنة ، وتعوذونه به من النار . ومن سقى صائما سقاه الله من حوضي شربة لا يضمأ حتى يدخل الجنة} . رواه ابن خزيمة في صحيحه .ێحيحه

واته : سەلمانی فارسی : "' خوا لێ ڕازی بێ ' دەفەرمووێ : بیغەمبەرصلی الله علیه وسلم خوتبەی بۆ خوێندینەوە لەدوا ڕۆژی شەعبان دا و فەرمووی : خەڵکینە بێ گومان مانگێکی گەورە و پیرۆز سێبەری لێ کردوون ، مانگێکە شەوێکی تێدایە خێری لەهەزار مانگ زیاترە ، مانگێکە خوا بەڕۆژوو بوونی ڕۆژووەکانی فەرز کردوەو شەو هەستانی بۆ خوا پەرستنی کردوە بە سوننەت ، کەسێ لەو مانگە خێرێکی عادەتی بکا ، بە ئەندازەی فەرزێک لەمانگێکی تر خێری ئەگاتێ ، کەسێ فەرزێکی تێدا بکا بە ئەندازەی هەفتا فەرز لە مانگێکی تر خێری ئەگاتێ ، ئەوە مانگی سەبرو ئارامە ، پاداشتی سەبریش بەلای خواوە بەهەشتە ، مانگی دڵدانەوەیە ، مانگێکە ڕزقی موسڵمانی تێدا زۆر ئەکرێ ، کەسێ لەومانگە ، ڕۆژوەوانێک نان بدا ئەبێتە هۆی لێ خۆش بوون و ئازاد کردنی لە ئاگرو بەئەندازەی ئەو کەسەی خواردنەکەی داوەتێ خێری پێ ئەگاو ، بێ ئەوەی لە خێری ئەو کەم بکرێتەوە ، پرسیاریان کرد : ئەی پێغەمبەری خوا ئێمە هەموومان ئەوەندەمان نیە خواردنی کاتی ڕۆژوو شکاندن بدەینە ڕۆژوەوانێک؟پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرمووی : خوا ئەو پاداشتە ئەدا بەکەسێ خواردن بداتە ڕۆژوەوان ، با قەسپێک بێ ، یا قومێک ئاو ، یا قومێک شیر . ئەوەمانگێکە سەرەتاکەی ڕەحمەتە و ناوەندەکەی لێ خۆش بوونە و ، دوایی یەکەی ئازادبوونە لە ئاگر ، کەسێک باری سەرشانی بەندەی خۆی یا خزمەتکاری سووک بکات ، خوا لێ ی خۆش ئەبێ و ئازادی ئەکا لە ئاگر .. ئێوە چوار شتی تێدا بکەن ، دووانیان : خوا ی لە خۆتان پی ی ڕازی بکەن ، دووانیشیان هەر کات پێویستان پێ یانە، ئەو دووانەی یەکەم : شەهادەت هێنانە بە یەکاتی خواو داواکردنی لێ خۆش بوونیەتی . ئەو دووانەی تریان : داوای بەهەشتی لێ بکەن و لە ئاگریتان پارێزی . کەسێک ئاو بداتە ڕۆژوەوانێک لە کاتی ڕۆژوو شکاندندا خوا لە حەوزی من ئاوێکی دەداتێ تا ئەڕواتە بەهەشت تینوی نابێ . ئیبن خوزەیمە گێڕاویەتەوە .

4 – دوا فەرموودەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ترساندنی کەسانێکە خوا نەخواستە ڕێز لەو مانگە پیرۆزە نەگرێ و تێیدا بە ڕۆژوو نەبێ کە دەفەرمووێ : {من أفطر يوما من رمضان من غير رخصة و لا مرض لم يقضه صوم الدهر كله وإن صامه} رواه الترمذي

واتە : کەسێک ڕۆژێکی ڕەمەزانی بەبێ نەخۆشی و ، بەهانە یەکی شەرعی بەڕۆژوو نەبوو ، ئەگەر ئەو ساڵە هەمووی بەڕۆژوو بێ تۆڵەی ناکاتەوە .

جعلنا الله من الذين يستمعون القول فيتبعون أحسنه أولئك الذين هداهم الله و أولئك هم أولوا الألباب .

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين و صلى الله وسلم على سيد المرسلين و على آله و أصحابه أجمعين.

سەرچاوەکان :


1- المنهاج : ئیمامی نەوەوی

2- شەریعەتی ئیسلام : مامۆستا مەلا عبدالكریمی مدرس.

3- کتێبی " الصوم" : مامۆستا محی الدين مستو

4- الفقه الآسلامی وأدلته : مامۆستا دكتور وهبه الزحيلی .

5- الفقه المنهجی : مامۆستایان : دکتورمصطفی الخن

د.مێگفی البغا د. علی الشربجی.

## نـــاوەرۆک

پ1 : مەبەست لە وشەی (صوم) واتە ڕۆژوو چییە؟

پ2: پلەو پایەی ڕۆژوو لە ئیسلامدا چییە؟

پ3: بەڵگە لەسەر فەرز بوونی ڕۆژوو لەسەر موسڵمان چییە؟

پ4: کەی رەمەزان دێ و ڕۆژوو واجب دەبآ؟

پ5: مەرجەکانی رۆژوو کەوتنە سەر چییە؟

پ6: مەرجەکانی دروست بوونی ڕۆژوو چین؟

پ7: ڕۆژوو چەند روکنی هەیە ؟

پ8: ئاداب و ئوسوولی ڕۆژوو چین؟

پ9: ئەو شتانەی کە زیان ئەگەیەنن بەرۆژوو چین؟

پ10: ئەوانەی ڕۆژوو ئەشکێنن چین ؟

پ11: ئەوانەی ئەبنە بەهانە (عذر) بۆ ڕۆژوو شکاندن چین ؟

پ12: ئایا ئەوانەی کاری گران دەکەن وەک درەو و نانەوایی و ئاسنگەری ئەتوانن بە ڕۆژوو نەبن؟

پ13: قازانج و سوودی ڕۆژوو بۆ موسڵمان چییە؟

پ14: شەوی قەدر چییە و پلەو گەورەیی چۆنە ؟

پ15: شەوی قەدر کامەیە ؟

پ16: زەکانی (فطر) سەرفیترە چییەو چەندە ؟

پ17: سەرفیترە لەسەر کآ واجبەو کەی واجب دەبآ؟

کۆتایی هێنانی باسەکە.

سەرچاوەکان

ناوەرۆک